سێ شت شوێنی مردوو دەکەون: [ئەهلەکەی (خێزان وبنەماڵەکەی)] و[ماڵەکەی (پارە وسامانەکەی)] وکردەوەکانی، بۆیە دووان دەگەڕێنەوە وبەک دانەیان دەمێنێتەوە، ئەویش تەنها کردەوەکەیەتی

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سێ شت شوێنی مردوو دەکەون: [ئەهلەکەی (خێزان وبنەماڵەکەی)] و[ماڵەکەی (پارە وسامانەکەی)] وکردەوەکانی، بۆیە دووان دەگەڕێنەوە وبەک دانەیان دەمێنێتەوە، ئەویش تەنها کردەوەکەیەتی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: ئەگەر مرۆڤ بمرێت ئەوا ئەو کەسانەی کە لە گۆڕی دەنێن شوێنی دەکەون، خێزانەکەی (بنەماڵەکەی): شوێنی دەکەون بۆ ئەوەی لە گۆڕی دابنێن، وپارەکەی (مووڵکەکەی): شوێنی دەکەوێت کە مەبەست ئەو خزمەتکار وکۆیلانەی مووڵکی ئەو بوون یان ئەو پارە ومووڵکەی هۆکاری ناوبانگیەکەی بوون بەهۆیانەوە خەڵکی شوێنی دەکەون، و(کردەوەکەی): وکردەوەکانیشی شوێنی دەکەون، وتەنها کردەوەکانی لەگەڵی دەمێننەوە، بۆیە ئەگەر کردەوەکانی چاکە وخێر بن ئەوا چاکە وخێری بۆ دەبێت، وئەگەر کردەوەکانی شەڕ وخراپە بن ئەوا شەڕ وخراپەی بۆ دەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4240